خولی ئینگلتەرا... تەتنهام بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە مان سیتی بردەوە



لە یاریێکانی خولی ئینگلتەرا تەتنهام بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە مان سیتی بردەوە و سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێنا.

لە هەفتەی دووەمی خولی ئینگلتەرا مانچستەر سیتی لە یاریگای ئیتیحاد میواندارێ لە تەتنهام کرد.

لە تایمی یەکەمدا ئاستی تیپی میوان باشتربوون بەجۆرێک لە خولەکی 35 بریان جێنسن توانی گۆڵی یەکەمی سپەرز تەماربکات.

پاشان یاریی بەردەوامبوو تاوەکوو خولەکی 45 کاتژمێ پالینها توانی گۆڵی دووەمیش بە یانەکی تەماربکات، سەرئەنجامی نیوەی یەکەم بە دووگۆڵی بەرامبەر لەبەرژەوەندی تەتنهام کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا کۆمانی گواردیۆلا هەوڵکی زۆریاندا بە کەم کردنەوەی جیاوازیێکە و لەچەندین ساتی یاریێکەش نزیکبوون لە گۆڵ تەمارکردن، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوونەبوون.

سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەرامبەر لەبەرژەوەندی تێتنهام کۆتایی هات و سێ خاڵی گرنگیان بەدەست هێنا.

بەم بردنەوەیە تێتنهام ژمارە خاڵەکانی بەرزکردەوە بە شەش خاڵ و مانچستەر سیتیش خاوەنی سێ خاڵە.